Salahaddin university- Erbil
زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر

# بارودۆخی دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەباسی سەفاح

## (١٣٢- ١٣٦ ك / ٧٥٠- ٧٥٤ ز)

پێشكەشكراوە بە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە بەشی ( زانستە كۆمەڵایەتییەكان )دا


**ئامادەكردنی:**

**نجاة محمد**

**يحيى مظفر**

**بەسەرپەرشتی:**

**م. كامل أسود**


نیسان-٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- دایکی خۆشەویستمان.
- باوکی ئازیزمان.
- مامۆستاو هاوڕێ ئازیزەکانی زانکۆمان.
- هەمو ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کردوین لە سەر خستی ئەم پرۆژەیەدا.

**توێژەران**

# سوپاس و پێزانین:

زۆر سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستای بەڕێز مامۆستا (د.كامل أسود) كە ئەركی سەرپەرشتیكردنەوەی توێژینەوەكەی گرتە ئەستۆو هاوكاری تەواوی كردین لە سەرخستنی ئەم پرۆژەیەدا، ئەوەش بەپێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی تایبەت بەلایەنی ئەكادیمی بۆ نوسینی توێژینەوەكە و پێدانی سەرچاوەی گونجاو و وەڵامدانەوەی پەیوەندییەكانمان لە هەركاتێكدا كە تەرخانمان كردبوو نوسینی ئەم توێژینەوەیە.

هەروەها بەپێویستی دەزانین سوپاسی سەرجەم مامۆستایانی كۆلیژەكەمان بكەین كە بۆ هەر پرسیارێك سەبارەت بە نوسین و شێوازی ئەكادیمی پرۆژەكە بە سنگێكی فراوانەوە هاوكارییان كردوین، بەئومێدی ئەوەی پرۆژەكەمان جێگەیەكی باش بگرێت لەنێو كتێبخانەی كۆلێژەكەماندا و ببێتە سەرچاوەیەك بۆ قوتابیانی قۆناغەكانی داهاتوی بەشەكەمان.

**توێژەران**

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٥ |
| ٢ | چوارچێوەی توێژینەوەکە | ٧ |
| ٣ | بەشی یەکەم: بانگەوازی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەبباسی | ٩ |
| ٤ | باسی یەکەم: سەرهەڵدانی جەنگی زاب لەنێوان عەبباسی و ئەمەوییەکاندا | 10 |
| ٥ | باسی دوەم: ژیاننامەی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح (نازناو و ساڵی لەدایکبونی) | 12 |
| ٦ | بەشی دوەم: وەرگرتنی خەلافەتی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح | 14 |
| ٧ | باسی یەکەم: بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عەبباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح | 15 |
| ٨ | لقی یەکەم: هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە ئەمەوییەکان | 16 |
| ٩ | لقی دوەم: هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) | 16 |
| ١٠ | لقی سێهەم: هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە بانگخوازانی دەوڵەتی عەبباسی | 16 |
| ١١ | باسی دوەم: بارودۆخی دەرەکی دەوڵەتی عەبباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح | 17 |
| ١٢ | لقی یەکەم: گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ هاشمییەتی کوفە | 18 |
| ١٣ | لقی دوەم: گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ ئەنبار | 19 |
| ١٤ | دەرئەنجام | 21 |
| ١٥ | سەرچاوەکان | 22 |

## پێشەكی

دەوڵەتی عەبباسی یان خەلافەتی عەبباسی یان عەبباسییەكان، ئەو ناوەیە كە بە سێیەم خەلافەتی مێژوی ئیسلام ئەوترێت و دوەم زنجیرەی فەرمانڕەوا ئیسلامییەكانە، عەبباسییەكان توانیان ئەمەوییەكان بڕوخێنن و خەلافەت بگرنە دەست، كاتێك دەستیان بە سەر دەوڵەتی ئەمەوییەكاندا گرت تەنها ئەوانە ڕزگار بوون كە ڕۆیشتنە ئەندەلوس، لەوانە عەبدولڕەحمانی داخل كە درێژەی بە دەوڵەتی ئەمەوی دا لە ئەندەلوس. دەوڵەتی عەبباسی لەسەر دەستی ئەوانەی كە نەوەی بچوكترین مامی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) بوون كە ئەویش عەبباسی كوڕی عەبدول موتەلیب بوو دامەزرا.

عەبباسیەكان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەكەیان پشتیان بەو فارسانە بەست كە ئەمەوییەكان لە دەسەڵات دووریان خستبونەوە، هەروەك سودیان لە شیعە وەرگرت بۆ لەزراندنی بناغەی دەوڵەتی ئەمەوی.

دوای ئەوەی عەبباسیەكان شۆڕشەكەیان سەركەوتنی بەدەستهێنا پایتەختیان گواستەوە بۆ بەغدا كە گەشەسەندنێكی گەورەی بە خۆیەوە بینی لەو سەردەمەدا بەڵام لەگەڵ ئاوابوونی خۆری دەوڵەتی عەبباسی، ئەستێرەی ئەویش ئاوا بوو.

لە گرنگترین هۆكارەكانی روخانی دەوڵەتی عەبباسی، دەركەوتنی بزوتنەوە جەماوەری و ئاینییە جیاوازەكان بوو لەو سەردەمەدا، ئەم ناكۆكیانەش بووە هۆی جیابونەوەی نەتەوە ناعەرەبەكان لە عەرەب، لەگەڵ ئەم نەتەوە سیاسییانە، كۆمەڵەی ئاینی جۆراوجۆر دەركەوتن، تەوەری جیاوازی نێوانیان لەگەڵ عەبباسییەكان لەسەر خەلافەت و پێشەوایەتی موسڵمانان بوو، هەر یەكێك لەو كۆمەڵانە دروشم و یاسا و رێسای تایبەتی خۆی هەبو لە بانگەوازدا، و یەكێك لە هۆكارە ناوخۆییەكان كە بوە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوە جیاوازەكان، فراوانبونی ڕووبەری دەوڵەتی عەبباسی بوو، لەو كاتانەدا ماوەو گەیاندن لە نێوان بەشەكانی دەوڵەت و پایتەختدا قورس بوو، ئەمەش وای لە والییەكان كرد لە بەڕێوەبردنی كاروبارەكاندا سەربەخۆیی خۆیان بگرنە دەست، بێ ئەوەی لەو هێزانە بترسن كە لە پایتەختی خەلافەتەوە ئەنێردرا بۆ كپكردنی بزوتنەوەكانیان، لە دیارترینی ئەو بزوتنەوانەش، ئەداریسە و ئەغالیبە و فاتمییەكان بوون.

عەباسییەكان دوای چارەكە سەدەیەك خەباتی نهێنی و ڕێكخراوەیی لە ساڵی ١٣٢ كۆچی / ٧٥٠ زاینی و بە پشتیوانی مەوالییەكان توانیان دەوڵەتی ئومەوی لەناو ببەن و دەسەڵات بگرنەدەست و بۆ ماوەی پتر لە پێنج سەدە خەلافەیان بە دەستەوەبوو.

سیستەمی خەلافەت لە سەردەمی عەباسی–دا هیچ چاكسازی و پێشكەوتنێكی باشی بەخۆوە نەدی، سەرەڕای پشتاوپشتی، نەریتی تر هاتە كایەوە كە هەرگیز لەگەڵ لێكدانەوەی فیقهی و بیری ئیسلامیدا نەدەگونجان و كەسانی وا دەبونە خەلیفە كە هێشتا لە تەمەنی مێردمنداڵی و هەرزەكاریدا بوون.

موقتەدیر (المقتدر بالله) (٢٩٥-٣٢٠ کۆچی / ٩٠٨-٩٣٢ زایینی) ئەو کاتەی پۆستی خەلیفەی گرتەدەست تەمەنی تەنها سێزدە ساڵان بوو، هەندێك خەلیفە زیاتر لە کوڕێکی خۆی دیاری دەکرد تا ببنە جێگری، هارووونە ڕەشید (هارون الرشيد) سێ لە کوڕەکانی دەستنیشان کرد تا یەك لە دوای یەك جێگەی بگرنەوە، لە لایەکەی ترەوە لە دەرەنجامی کێشە و ململانێیە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی ئەمەوی و سەرەتای سەردەمی عەباسی، ژمارەیەك دەستە و گروپی ئاینی و هزری و سیاسی ئامێز دەرکەوتن کە هەریەکەیان تێڕوانینی خۆی هەبوو لەمەڕ چەمکی خەلافە و موسڵمانان کە لە زۆر لایەنەوە جیاواز، بەڵکو ناکۆك بوو لەگەڵ تێڕوانینی دەستەو لایەنەکانی تر.

دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبو عەباس عەبدوڵا ئیبن موحەممەد ئەلسەفاح–دا یان ئەبولعەباسی سەفاح (٧٢١–٧٥٤) دامەزرا، کە یەکەم خەلیفەی عەباسی بوو، فەرمانڕەواییەکەی دادەنرێت بە یەکێك لە گرنگترین حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی لەنێو خەلیفەکانی تری دەوڵەتی عەباسیدا چونکە خەلافەت لە بانگەوازەوە گۆڕدرا بۆ دەوڵەت و دادەنرێت بە یەکێك لە هەرە گرنگترین خەلیفەی مێژووی ئیسلام. نازناوی ئەبولعەباس "ئەلسەفاح" بوو واتە خوێنڕێژ ئەوەش لەبەر تەکتیکە بێڕەحمەکانی و ترس خستە دڵی دوژمنانییەوە ئەو نازناوەی بەسەردا سەپێنرابوو.

ئەلسەفاح، لە حومەیمەی ئەردەن لە دایکبوەو سەرۆك هۆزی بەنو هاشم بوەو ئەوانیش بەشێکن لە هۆزی قورەیش کە ئەچنەوە سەر هاشم، کە ئەکاتە باپیرە گەورەی پێغەمبەری ئیسلام لەڕێی عەبباسی مامی پێغەمبەرەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کەوا خەلافەتی عەباسی ناونراوە "عەبباسی". ئەو پەیوەندیە ناڕاستەوخۆیەش وایکرد ئەلسەفاح بتوانێ نازناوی خەلیفە بۆ خۆی ڕەوا ببینێت.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدەین لەسەر بارودۆخی دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح بدوێین، ئەوەش بە دابەشکردنی توێژینەوەکەمان بۆ سەر چەند بەش و تەوەرێك کە پەیوەندیدارە بە ماوەی حوکمڕانی خەلیفەی ناوبراو.

## چوارچێوەی توێژینەوەکە

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژنەوەکە لەوەدایە دەبێتە هۆکارێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لەنێو کتێبخانەی زانکۆو کتێبخانە کوردییەکاندا هەیە سەبارەت بە بابەتی مێژویی و باسێکی تایبەت بە خەلیفە أبوالعباسی سفاح کە سەرەڕای تەمەنە کورتەکەی بەڵام لێشاوێك لە روداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگ لە ژیانی ناوبراودا هەبوەو بە داخەوە کتێبخانەی کوردی نەیتوانیوە بایەخێکی ئەوتۆی پێبدات.

گرنگییەکی تری توێژینەوەکە لەوەدایە کە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ قوتابیانی ساڵانی داهاتوی قۆناغ و بەشەکەمان کەدەتوانن بۆ نوسینی توێژینەوەیەکی لەم چەشنە سود لەناوەرۆك و باسەکانی وەربگرن.

### گرفتی توێژینەوەکە:

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە نەبونی سەرچاوەی کوردی و هەژاریی کتێبخانەی کوردییە لە وەدەستخستنی سەرچاوەگەلێکی تایبەت بە باسەکە، چونکە کەمترین بابەت لەسەر ئەم لایەنە مێژوییە نوسراوەو ئەوەشی نوسراوە لە پەنجەکانی دەستێك تێپەڕ ناکات و زیاتر خۆی لە وتارو بابەتی ئینتەرنێتدا دەبینێتەوە کە ئێمەش نەمانویست پشت بەوجۆرە سەرچاوانە ببەستین کە بەهایەکی ئەکادیمی کەمتریان هەیە بەراورد بە کتێب و نامەی ماجستێرو ئەتروحەی دکتۆرا، هەربۆیە بۆ نوسینی باسەکە پەنامان بردۆتە بەر سەرچاوە عەرەبییەکان و رێنمایی تایبەتی مامۆستای بەڕێزی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

یەکێك لە ئامانج لە توێژینەوەکە ناساندن و پێدانی چەردەیەکی مێژوییە سەبارەت بە خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح و دەوڵەتی عەبباسی و بانگەوازو سەرهەڵدانی دەوڵەتەکەی.

ئامانجێکی تری توێژینەوەکە خستنەڕوی هەڵوێستی خەلیفەی ناوبراوە سەبارەت بە ئەمەوییەکان و بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ)، بۆئەوەی لەرێی ئەم باسانەوە لایەنی مێژویی ئەو روداوە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییانەی ئەو سەردەمە فەرامۆش نەکرێت و بەبایەخەوە وەك سەرچاوەیەك لەنێو کتێبخانەی کوردیدا جێگەی خۆی بکاتەوە.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران میتۆدی راڤەکاری وەسفی–یان بۆ خستنەڕوی روداوە مێژوییەکان و شرۆڤەی هەڵوێستە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح بەکارهێناوە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ نوسینی توێژینەوەکە سەرجەم باس و بابەتەکانی ناو توێژینەوەکەمان بەمجۆری خوارەوە پۆلێنکردوە بۆ دوو بەشی سەرەکی و هەربەشێکیش لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت، کە لە هەر بەش و باسێکدا بە وردی و دورودرێژی قسە لەسەر سەرجەم روداوە مێژووییەکانی نێو توێژنەوەکە دەکرێت:

**بەشی یەکەم:** بانگەوازی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەبباسی.

**باسی یەکەم:** سەرهەڵدانی جەنگی زاب لەنێوان عەبباسی و ئەمەوییەکاندا.

**باسی دوەم:** ژياننامەی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح (نازناو و ساڵی لەدایکبونی).

**بەشی دوەم:** وەرگرتنی خەلافەتی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح.

**باسی یەکەم:** بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عەبباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح.

**لقی یەکەم:** هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە ئەمەوییەکان.

**لقی دوەم:** هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ).

**لقی سێهەم:** هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە بانگخوازانی دەوڵەتی عەبباسی.

**باسی دوەم:** بارودۆخی دەرەکی دەوڵەتی عەبباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح.

**لقی یەکەم:** گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ هاشمییەتی کوفە.

**لقی دوەم:** گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ ئەنبار.

## بەشی یەکەم: بانگەوازی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەبباسی

سەرهەڵدانی بانگەوازی دەوڵەتی عەبباسی بە چەند قۆناغێکدا گوزەری کردوەو قۆناغی یەکەمیان بە قۆناغی زێڕینی خەلافەتەکە دادەنرێت، کە باسی سەرەکی توێژینەوەکەمانەو دواتریش بە وردی لەسەر قۆناغەکانی تر دەدوێین.

قۆناغی یەکەم، بە قۆناغی سەرهەڵدانی بانگەوازی خەلافەتی عەبباسی هەژماردەکرێت، کە دەرئەنجامی هاوپەیمانێتی نێوان عەبباسییەکان و عەلەوییەکان هاتەئاراو نزیکەی بە حوکمڕانی هەردوو براکە (خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح ١٣٢–١٣٦ک) و (ئەبو جەعفەری مەنسور ١٣٦–١٥٨ک) چارەکە سەدەیەکی خایاند، بەڵام کۆی گشتی قۆناغەکە لەساڵی ١٣٢ی کۆچییەوە درێژەی کێشا بۆ ٢٢٧ی کۆچی. قۆناغی یەکەم، سەرکەوتنی بانگەوازی خەلافەتی عەبباسییە بەسەر ئەمەوییەکانداو حوکمڕانی سەفاح تەنها چوار ساڵی خایاند، لەکاتێکدا حوکمڕانی خەلیفە مەنسوری برای بیست و دو ساڵی خایاندو دەتوانرێت ئەمەی دواییان (خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور) بە دامەزرێنەری راستەقینەی خەلافەتەکە هەژمار بکرێت، ئەوەش بەهۆی تەمەنی کەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاحەوە بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە رووداوە مێژووییەکاندا سەفاح یەکەمین خەلیفەی عەبباسی بوە. (ابن الأثیر، ٢٠٠٩، ٥/ ١١٤).

ئەم دو برایە ئەگەرچی دایکیان جیاواز بوەو دایکی خەلیفە مەنسور بەربەرییەکی دەرەوەی رەچەڵەکی عەرەب بوە بە ناوی (سەلامە)، (ابن الآبار، ١٩٦١، ل٢٨٧)، بەڵام دایکی خەلیفە سەفاح ژنێکی عەرەبی رەسەن بوە بە ناوی (ریطة کچی عبیداللەی الحارثي). (حمود،٢٠١٥، ل٢٣).

لەسەرەتای سەرهەڵدانی بانگەوازی خەلافەتی عەبباسیدا، پەیوەندی نێوان عەبباسییەکان و عەلەوییەکان پەیوەندییەکی دۆستانەو برایانە بوەو هاوپەیمانێتییەکی بەهێزیان لە دژی ئەمەوییەکان پێکهێنابو، لەروی تیرەو هۆزگەراییەوە هەردولا دەچنەوە سەر هۆزی بەنی هاشم و بە ئامۆزای یەکدی دادەنرێن (ابن أعثم الکوفي، ١٩٦٩، ٤/٣٤٦)، و هەردولا لە دژی بەنی ئەمەییە کە لە دیدگای ئەواندا بە دەستڕێژیکاری سەر خەلافەت دادەنران دەجەنگان و قسەی خۆیان یەکخست و دەسەڵاتەکەیان روخاند. (شاکر، ٢٠٠٩، ل١٣١).

رەچەڵەکی عەلەوییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵب (ر.خ)ی ئامۆزای پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ)، کە لە هەمان کاتدا مێردی فاتیمەی کچی بوە، لەکاتێکدا رەچەڵەکی عەبباسییەکان دەگەڕێتەوە سەر بچوکترین مامی پێغەمبەر (عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب)، کە ئەهلی بەیتن و کە زیاتر لە ئەمەوییەکان خۆیان بە میراتگری خەلافەت دەزانی. بانگەوازو دەعوە لەو سەردەمەدا دەبو رەزامەندی نەوەکانی ئال موحەمەدی( د.خ) لەسەر بوایە، ئیدی گرنگ نەبو خەلیفەکە عەلەوی بێت یان عەبباسی چونکە هەردوکیان سەر بە بەنی هاشم بون. (یاقوت الحموي، ١٩٩٨، ٤/ ٥٠٣).

لەکۆتایی ڕۆژەکانی حوکمی بەنی ئومەییە سەردارو پیاوە گەورەکانی بەنی هاشم بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات کۆبونەوەو لەلایەنی عەلەوییەکان هەریەك لە (ئیمام جەعفەری سادق، نەوەکانی هەردوو برا محمد ئەلنەفس زەکیە، ئیبراهیم ئەلنەفس زەکیە) و لەلایەن عەباسییەکان هەریەك لە (ئەبولعەبباسی سەفاح و براکەی ئەبو جەعفەری مەنسور) ئامادەبون. (ياقوت الحموي، ١٩٩٨، ٤/ ٥٠٤).

عەبباسییەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات چونە پاڵ عەلەوییەکان و ئەمەش لەلای عەلەوییەکان وا لێکدرایەوە کە عەباسییەکان فەزڵی عەلی کوڕی ئەبو تالب-ی ئامۆزای پێغەمبەر دەدەنەوە بەسەر عەبباسی کوڕی عبدولموتەڵیبی مامی پێغەمبەر، بەڵام هەرچۆنێك بێت سەرەتا بانگەواز نهێنی پاشان بۆئەوەی هەردو ناوی عەلەوی عەباسی فیتنەو ئاژاوەو دوبەرەکی دروستنەکات دەبو بە رەزامەندی نەوەکانی ئال موحەمەد بەیعەت بدرێت بە خەلیفەی داهاتوی خۆیان.

(ابن أعثم الكوفي، ١٩٦٩، ٤/ ٣٧٧).

## باسی یەکەم: سەرهەڵدانی جەنگی زاب لەنێوان عەبباسی و ئەمەوییەکاندا

جەنگی زاب یاخود جەنگی زێی گەورە لە ڕۆژی (١١ی جمادي الاخرة ی ساڵی ١٣٢ی کۆچی) بەرانبەر بە ڕۆژی (٢٥ی کانونی دوەمی ساڵی ٧٥٠ی زایینی) لە نزیك زێی گەورە کە یەکێکە لە لقەکانی روباری دیجلە لەباکوری عێراق (هەرێمی کوردستان) لەسەر ڕێگەی موسڵ – هەولێر لەنێوان هەردو سوپای عەبباسییەکان و ئەمەوییەکاندا هەڵگیرسا. (المسعودي، ٢٠١٢، ١/ ٢١).

جەنگەکە بە شەڕێکی یەکلاکەرەوەی گرنگ لە مێژوی ئیسلامدا دادەنرێت، کە لەنێوان دواهەمین خەلیفەی ئەمەوی لە شام (مەروانی کوڕی موحەمەد) و سەرکردەی عەبباسی (عەبدوڵای کوڕی عەلی) کە مامی هەردو خەلیفە سەفاح و مەنسور بوو رویدا و دواجار سوپاکەی خەلیفە مەڕوان تێکشکاو بەرەو میسر رایکردو عەبباسییەکان تا شارۆچکەی (أبی صیر) دوای کەوتن و لەوێ کوشتیان (الطبري، ١٩٦٧، ٧/ ٣٢).

بە مردنی خەلیفە مەڕوان، لە روی پراکتیکییەوە خەلافەتی ئەمەوی کۆتایی پێهات، تەنانەت هیچ یەکێك لە سەرکردەو خەلیفەکانیان بە زیندویی دەرنەچون و هەمویان کوژران بێجگە لە خەلیفە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەعاویە کە بە (عەبدولڕەحمانی داخل) ناسرا بو، کە ئەویش هەڵهات بۆ ئەندەلوس و لەوێ دەوڵەتی دوەمی ئەمەوییەکانی دامەزراند. (الخضري بك، ٢٠٠٣، ل٧٢).

ئەمەوییەکان ٨٨ ساڵ حوکمڕانییان کردو سنوری قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەیان زۆر بەرفراوان و گەورەبوو، بەڵام بەدرێژایی ئەو ٨٨ ساڵە حوکمڕانییەکەیان پڕ بوو لە جەنگ و شۆڕش و سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوخۆیی و دوبەرەکی، واتا هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەوە لەسەر دەستی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان تاوەکو دواهەمین خەلیفەیان کە مەڕوانی کوڕی موحەمەد بوو، دوای مردنی یەزیدی کوڕی مەعاویە، خەلافەت نزیکبو لەوەی لە دەستی بەنی ئومەییە

دەربچێت چونکە زۆرینە لەگەڵ دانانی عەبدوڵای کوڕی زوبێردا بون، بەڵام عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان توانی زاڵ بێت بەسەر عەبدوڵای کوڕی زوبێردا و دەسەڵات بگرێتە دەست. عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان هەوڵیدا بەردەوام دەسەڵات بۆ وەچەو کوڕو کوڕەزاکانی بگوازرێتەوە، ئەوەبو ماوەی حوکمڕانی هیشامی کوڕی بە درێژترین ماوە دادەنرێت و داوی ئەویش برازاکەی وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك دەسەڵاتی گرتە دەست کە ئەمانە هەموی هۆکاری سەرەکی بون لەدروستبونی نیگەرانی، دوبەرەکی و پەرشوبلاوی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان. (اليعقوبي،١٩٩٣، ٢/ ٢٦٦).

لەلایەکی ترەوەو سەرەڕای لاوازبونی ئەمەوییەکان، بەپێچەوانەوە عەبباسییەکان لەخۆکۆکردنەوەدا بون و لەدوای کۆچی دوایی دواهەمین خەلیفەی بەهێزی ئەمەوییەکان (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك) لە ساڵی (١٢٥ی کۆچی– ٧٤٣ی زایینی) بڵێسەی بانگخوازی عەباسییەکانی لە وڵاتی فارس دور لە دەسەڵاتی خەلیفە وەلیدی برازای لە دیمەشقی پایتەخت گڕی سەندو ناوەڕۆکی بڵیسەی بانگخوازییەکەش ئەوەبو کە عەباسی و عەلەوییەکان زیاتر لە ئەمەوییەکان شایانی حوکمڕانین و دامەزرێنەری ئەو دەعوەیەش موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەباس بوو. (الهامي، ٢٠١٣، ل١٠٨).

لەپێش جەنگی زاب بارودۆخ بەتەواوی لەباربوو بۆ ڕاگەیاندنی بانگەوازی عەبباسییەکان، سەرەتا سوپای بانگەوازەکە لە خۆراسانەوە ڕاپەڕین و سەرکردەی عەبباسی ئەبو موسلیمی خۆراسانی توانی سەربکەوێت بەسەر والی ئەمەوییەکانداو لەوێوە شۆڕشی عەبباسییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان دەستیپێکردو ژمارەیە پێکداهەڵپژان و شۆڕشی ناوخۆیی لە دژی موحەمەدی کوڕی مەڕوان لە دیمەشق سەریهەڵداو شۆڕشەکە تەشەنەی کرد، (اليعقوبي،١٩٩٣، ٢/٢٨٨)، بەڵام توانی هەموی دابمرکێنێتەوەو تەنانەت گەیشتە زاب یاخود زێی گەورە (المغلوث، ٢٠١٢، ٣/١٤٩).

لە جەنگی زاب–دا لە بەرەی عەباسییەکان بە سەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەباس هێزێکی گەورەی چل هەزار سەربازی مەشقپێکراو کۆکرابۆوەو لەسەر زێی گەورە هەردو هێزەکە ڕوبەڕوی یەکدی بونەوەو شەڕەکە یازدە ڕۆژی خایاند، ئەگەرچی خەلیفە مەڕوان پردێکی گەورەی بۆ پەڕینەوەی سوپاکەی بونیادنابو بەڵام عەبباسییەکان توانییان پردەکە تێکبشکێنن، بەمەش ئەوانەی بەهۆی تێکشکانی پردەکەوە نوقم بون و خنکان ژمارەیان زۆر زیاتر بو لە کوژراوەکانی ریزی سوپای ئەمەوییەکان. (ابن الاثير، ٢٠٠٩، ٥/ ١١٤).

سەرۆکایەتی خەلیفە مەڕوان بۆ جەنگی زاب سەرۆکایەتییەکی شپرزەو لەبەریەکهەڵوەشاو بوو، بەردەوام ناکۆکی لەگەڵ هەندێك لە ئەمیرەکانی بەنی ئومەیەدا هەبو بەوەی کە سوپای ئەمەوییەکان بەشداری ئەو شەڕە نەکەن و دەستپێشخەر نەبن، بەڵام ئەوەبو ئەمیرەکان سوپای ئەمەوییەکانیان تێوەگلاند لەشەڕەکەو جەنگەکەش بە شکستی ئەمەوییەکان و سەرکەوتنی عەباسییەکان کۆتایی هات. (اليعقوبي،١٩٩٣، ٢/ ٢٦٩).

عەبباسییەکان زۆر دلّڕەقانەو بێ بەزەییانە بەسەرۆکایەتی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح کەوتنە کوشتن و راوەدونانی ئەندام و لایەنگرانی ئەمەوییەکان و نەیانهێشت هیچ سەرکردەو ئەمیرێکیان بە زیندویی دەربچێت بێجگە لە عەبدولڕەحمانی داخل کە بە (بازی قورەیش) ناسرابوو، کە ئەویش لە رۆژهەڵاتەوە دوای راوەدونانێکی دورودرێژی عەباسییەکان توانی خۆی بگەیەنێتە ئەندەلوس و دەوڵەتی دوەمی ئەمەوییەکان دابمەزرێنێت. (الطبري، ١٩٦٧، ٣١١/٧). ئەگەرچی لەشکرو سوپاکەی خەلیفە مەڕوان بەبەراورد بە لەشکرو سوپای عەبباسییەکان ئەزمونێکی زیاتریان هەبو لە جەنگەکاندا بە تایبەتی لە روبەڕوبونەوەی بیزەنتییەکان، بەڵام نەبونی ئیدارەدانێکی لێهاتو پاشان دوبەرەکی نێو سوپاکەی و جیاوازی بیروڕای ئەمیرەکانی بەنی ئومەیەو تونێتی لەشکری عەباسییەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، هەمو ئەمانە هۆکاربون بۆ سەرکەوتنی ئەبولعەبباسی سەفاح و سوپاکەی و دامەزراندنی خەلافەتی عەبباسی لە دوای شکستپێهێنانی ئەمەوییەکان. (الطبري، ١٩٦٧، ٣١٢/٧).

## باسی دوەم: ژیاننامەی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح (نازناو و ساڵی لەدایکبونی)

ئەبولعەبباسی سەفاح لەساڵی ١٠٤ك – ٧٢١ز لە گوندی (حەمیمە) کە دەکەوێتە وڵاتی (ئوردن)ی ئێستا، و لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکاندا، لەدایکبوە. (الطبري، ١٩٦٧، ٧/ ٤٧١).

خەلیفە ئەبولعەباس تا ئەو رۆژەی خەلیفە مەروان–ی ئەمەوی ئیبراهیمی برای دەکوژێت هەر لەنێو ئەو گوندەدا ژیان بەسەردەبات، بەڵام دواتر لەگەڵ مامەکانی کۆچ دەکات بۆ کوفەو لەوێ دەگیرسێتەوە. ناوی تەواوی (ئەبولعەباس عەبدوڵا کوڕی موحەمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵا کوڕی عەبباس)ە، و دایکی ناوی (ريطة کچی عوبەیدوڵا کوڕی عەبدوڵا کوڕی ئەلمەدا کوڕی حارسیە)یەو برای خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور بوە. (ابن کثیر، ٢٠١٧، ١٠/ ٦٨).

سەفاح کەسێکی وردو زیرەك و خاوەن دەموچاوێکی جوان و بەخشندەو دڵفراوان و توندوتیژ بوەو نازناوی (سەفاح)یش کە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای خوێنڕێژ دێت، لەهەندێك سەرچاوەی مێژوییدا هەرلەبەرئەوە بوە کە توندوتیژبوە لە بەرانبەر دوژمنەکانی بەتایبەتی کاتێك قەتلۆعامی ئەمەوییەکانی کردوەو کەسێکی ئازاو چاونەترس بوە، (ابن الأثیر، ٢٠٠٩، ٥/ ١٠٩)، بەڵام هەندێك سەرچاوەی تری مێژویی دەڵێن، ئەو نازناوە بەهۆی دڵفراوانی و بەخشندەیی لە پارەداندا هاتوەو پەیوەندی بە خوێن رشتنەوە نییە، هەروەکو چۆن لە یەکەمین خوتبەی دەست بەکاربونی وەك خەلیفە بۆ ئەهلی کوفە خۆی بە سەفاحی رێگەپێدراو ناساندوە. (شاكر، ٢٠٠٩، ل١٢٦).

رەگ و رەچەڵەکی خەلیفە دەگەڕێتەوە سەر خزمایەتی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ)، دیارە ئەوەش لەرێگەی عەبدولموتەلیبی باپیری پێغەمبەرەوە. ئەبولعەباس سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆی و ماوەی حوکمڕانییە کورتخایەنەکەی کەسێکی توند بوە بەرانبەر بە ئەمەوییەکان و کەتۆتە راوەدونان و قەڵاچۆکردنیان، بە جۆرێك فەرمانی بە (عەبدوڵا)ی مامی کردوە کە گۆڕی کەسایەتییەکانی بەنی ئومەیە هەڵبداتەوەو قەبرەکانیان تێکبشکێنێت و لاشەی مردوەکانیان جەڵد

بکات و هەڵیانبواسێت و لەخاچیان بدات و دواتر تەرمەکانیان بسوتێنێت و خۆڵەمێشەکەی بە هەوادا بڵاوبکاتەوە. (المسعودي، ٢٠١٢، ١/ ٤١)، مێژونوسان پێیانوایە عەبدوڵای مامی سەفاح تەرمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک-ی بە ١٢٠ قامچی جەڵد کردوە. (عزام، ٢٠٠٩، ل٨٣).

سەفاح لە گوتارەکانیدا هەمیشە جەختی لە زوڵمی ئەمەوییەکان دەکردەوەو هەرگیز باسی لەپێشکەوتن و گەشەسەندنی دەوڵەتەکەی نەدەکرد، چونکە بەشێوەیەکی توند بەردەوام لە دژی ئەوانە دەوەستایەوە کە رایەکی پێچەوانەی رای عەباسییەکانیان دەردەبڕی و سەرکوتی دەکردن. (الثعالبي، ١٩٩٥، ل٦٠).

سەفاح، لەماوەی تەمەنی کورتی حوکمڕانییەکەیدا چەند کارێکی بۆ دەوڵەتەکەی ئەنجامدا لەوانە: (راوەدونانی هەمو ئەو بزوتنەوە دوژمنکارییانەی لە دژی خەلافەتەکەی دروست بون و دژایەتی دەوڵەتەکەیان دەکرد، بەجۆرێك کەوتە کوشت وبڕی سەرجەم بەرهەڵستکارەکانی، هەروەها کوشتن و زیندانیکردنی هەمو ئەو سەرکردە نەیارانەی لەناوخۆی وڵاتەکەیدا دروستبون کە سەرکردایەتی چەند بزوتنەوەیەکی ناڕازییان دەکردو دژ بە خەلافەتەکەی ناوبراو بون، و یەکێك لە کارە باشەکانی تری خەلیفە دروستکردنی شاری هاشمییەی ئەنبار بوو، و یەکێکی تر لەکارەکانی بریتیبوو لە دیاریکردنی رێگەی نێوان کوفەو مەککەی پیرۆز، ئەوەش بە مەبەستی هاتوچۆی بازرگانی و فراوانکردنی سنوری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی. (الثعالبي، ١٩٩٥، ل٦١).

رۆژی ١٢ی ربیع الاول-ی ساڵی ١٣٢ی کۆچی بەرانبەر بە ٢٥ی کانونی دوەمی ساڵی ٧٥٠ی زایینی لە مزگەوتی کوفە بەیعەت درا بە خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح و لە گوتارێکیدا کە وەکو عورف و عادەت هەروەکو خەلیفەکانی پێشوی خۆی کاتێك هەڵدەبژێردران دەبو وتارێك بدەن، ئامانجی شۆڕشی عەباسییەکانی خستەڕو، (اليعقوبي،١٩٩٣، ٢٧١/٢)، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمەوییەکان دەستدرێژیکارانی خەلافەتن و بەڵێنی بە کوفەییەکاندا (ئەوانەی پشتگیری شۆڕشەکەیان کردبوو) بەخشندەیی لە روی پارەوە زیادبکات بەرانبەریان. (وفاء، ١٩٩١، ل٧٩).

رۆژی ١١ی ذي الحجة ی ساڵی ١٣٦ی کۆچی کە هەندێك سەرچاوە دەڵێن ١٣ی ذي الحجة بەرانبەر بە رۆژی ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٧٥٤ی زایینی و لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا بە نەخۆشی (ئاوڵە) کە نەخۆشییەکی پێستە کۆچی دوایی کردوە (الغامدي، ١٩٨٣، ل١٨٩)، و ماوەی حوکمڕانی خەلافەتەکەشی تەنها چوار ساڵ و نۆ مانگی خایاندوە. (حسن خليفة، ١٩٨٧، ل٩٣).

## بەشی دوەم: وەرگرتنی خەلافەتی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح

رۆژی ١٢ی ربیع الاول–ی ساڵی ١٣٢ی کۆچی بەرانبەر بە ٢٥ی کانونی دوەمی ساڵی ٧٥٠ی زایینی لە مزگەوتی کوفە بەیعەت درا بە خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح، ئەمەش دوای ئەوەی براگەورەکەی (ئیبراهیمی ئیمام ٨٢ك–١٣١ك) کە بە (ئەبو ئیسحاق)یش ناودەبرێت پێشبینی کۆتایی خۆی کردبو، لەبەرئەوە هەستا بە وەسیەتکردن بۆ ئەبولعەبباسی برای و رایسپارد کە هەنگاو بۆ خەلافەت و دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسی بنێت و بە تەنها هەر لە (حەمیمە)ش نەمێنێتەوەو بەڵکو دواتر روبکاتە کوفە. (المسعودي، ٢٠١٢، ٤/ ٨٠–٨١).

لەراستیدا ئەوەی ئەبولعەبباسی سەفاحی وەك خەلیفە ناساندو کاری گرتنە دەستی خەلافەتەکەی بۆ کرد هەریەك لە ئەبو موسلیمی خۆراسانی (١٠٠ك –١٣٧ك) و ئەبو سەلمەی خەلال بون کە ئەمەی دوایین ساڵی (١٣٢ ك) کۆچی دوایی کردوەو یەکێك بوە لە بانگخوازەکانی بەنی عەباس و کاتێك ئەمەوییەکان ئیبراهیمی ئیمام–یان کوشت هەردو براکەی تری ئیمام (سەفاح و مەنسور) ترسیان لێنیشت و ئەبو سەلمەی خەلال لەیەکێك لەناوچەکانی شاری کوفە هەردوکیانی لە زوڵم و زۆری ئەمەوییەکان شاردەوە. (ابن کثیر، ٢٠١٧، ١٠/ ٦٣).

خۆراسانی، پێی باش بوو سەفاح لە جێی ئەبوجەعفەری مەنسوری را گەورەی بکرێتە خەلیفە، بەڵام ئەمە لای عەلەوییە شیعەکان قبوڵ نەبو، بەڵام بەهەوڵ و تەقەلای زۆری خۆراسانی و ئەبو سەلمەی خەلال بەناچاری رازیبون چونکە سەفاح لای موسوڵمانان خۆشەویست بو، دواتر کەسێکی ئازاو چاونەترس و رەوشت بەرزو بەخشندەبو لەروی بەخشینی پارەو ماڵی دونیا بە خەڵکی هەژارو نەدار. (الزهراني، ٢٠١٦، ل٢١٣).

لە گوتاری دەستبەکاربونی خەلیفە ئەبولعەبباسدا، ناوبراو بەهۆی بونی تایەکی زۆرەوە ناتوانێت گوتارەکەی تەواو بکات، بەڵام لەوکاتەدا مامی (داود) دەچێتە سەر مینبەرو گوتارەکەی بۆ تەواو دەکات، کە لە کۆی گشتی گوتارەکەی هەردوکیاندا ئەوە خرایەڕو کە لەپێناوی حەڵاڵکردنی ئیسلام هاتۆتەبون، لەپێناوەی ئەو مەبەستەی کە هەریەك لە بەنی ئومەییەو بەنی مەروان نەیانتوانی ئامانجەکانی بپێکن و بەنی عەبباسیش مافی خۆیانە خەلافەت بگرنە دەست چونکە خزمایەتییان لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ) هەیە، ئەویش لەرێگەی مامی پێغەمبەر عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب کە دوای پێغەمبەر کۆچی دوایی کردوە. (ابن الآبار، ١٩٦١، ل٢٨٧).

لەسەرەتای سەردەمی عەباسییەکاندا، گوتاریی سیاسی رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە چەسپاندنی حوکمی عەباسییەکاندا و بۆ سەلماندنی مافی خەلافەتی خۆیان ئامرازێك بوە بەدەستیانەوە (ابن الطقطقي، ٢٠١٢، ل٢٢٧)، و لەم بوارەشدا خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح رۆڵێکی گەورەی بینیوە کاتێك خوتبەی بۆ خەڵك داوە لە کوفەو هەمیشە لەگوتارەکانیدا پێداگری کردوە لە خزمایەتی و پەیوەندی نزیکی بنەماڵەکەی لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ). (أسامة، ٢٠١٤، ل١١٦).

سەفاح لە گوتاری دامەزراندنی خەلافەتەکەیدا پێداگری لە گواستنەوەی سێنتەری قورسایی دەسەڵاتەکەی لە شامەوە بۆ عێراق کردەوەو پارە بەخشینی بۆ لایەنگرانی کرد بە (١٠٠ درهەم)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری کردنەوە کە هەوڵ بۆ دژایەتی و دوبەرەکی نەدەن چونکە ئەو تۆڵەسێنەرێکی بەخشندەیەو وتیشی هیچ خەلیفەیەك پێش خۆی (سەفاح) دان پێدانراو نییە بێجگە لە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالب. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٢/٥٦).

## باسی یەکەم: بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عەبباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح

کاتێك ئەبولعەبباسی سەفاح بەیعەتی پێدرا، بێجگە لە سەربازەکانی خاوەنی هیچ شتێکی تر نەبوو، سوپاکەی پێشتر خۆیان بۆ دواهەمین خولی شەڕکردن لەگەڵ ئەمەوییەکان سازو تەییار کردبو کە ئەوەش زیاتر لەدەستی سەرکردەو بانگخوازەکانیدا بو وەك لەوەی لەدەستی خۆیدا بێت، لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی بۆ بەڕێوەبردنی خەلافەتەکەی قورس و دژوار بوو، پێویست بوو لەسەر پێی عەبباسییەکانی لەسەر حوکم داکوتێت و دەوڵەتێکی بەهێز بونیادبنێت، لەبەرئەوە بڕیاریدا پشت بە براو مام و برازاکانی ببەستێت و لەفەرمانڕەواییدا پشکیان هەبێت بۆئەوەی بانگوازو سەرکردەکانی لەپشتی پەردەوە بڕیاری درەستکردنی بزوتنەوەی جوداخواز نەدەن. (الطبري، ١٩٦٧، ٧/ ٧٥).

سەفاح، بۆ پتەوکردنی کۆڵەکەی حوکمڕانییەکەی بڕیاریدا بە دامەزراندنی سلێمان-ی مامی وەك والی بەسرە، و ئیسماعیل-ی مامی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەهواز، و داود-ی مامی بۆ بەڕێوەبردنی حیجازو یەمەن، دوای ئەوەی داود-ی مامی لە کوفە دابڕی و فەرامۆشی کردو مامێکی تریشی بە ناوی عەبدوڵا راسپارد بۆ شەڕی مەڕوانی دوەم و ئەبو جەعفەری مەنسوری برای راسپارد بۆ شەڕی یەزیدی کوڕی هوبەیرە، هەمو ئەمانەش لەپێناوی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیدا بو. (ابن الطقطقي، ٢٠١٢، ل٩٩).

پاش دامەزراندنی کەسە نزیکەکانی سەفاح لە شوێنە هەستیارەکاندا، لەنێو سەرکردەو بانگخوازە عەبباسییەکاندا ترس و دڵەڕاوکێ بڵاوبۆوە، و ترسی ئەوەیان هەبو بەرهەمی ئەو شۆڕشەی کە لەدژی ئەمەوییەکان بەرپایان کرد کەسانی تر بیخۆن، هەربۆیە بەپەلە سەفاح نامەیەکی نارد بۆیان و دڵنیایی پێدان کە رۆڵی کەسە نزیکەکانی تەنها بۆ تەشریفاتییەو لەنامەیەکیدا بۆ حەسەنی کوڕی قەحتەبە نوسیبوی: سەرباز، سەربازی خۆتە، سوپا سوپای خۆتە، سەرلەشکر سەرلەشکری خۆتن، بەڵام دانانی جەعفەری برام تەنها بۆ ئەوە بوە لە نزیکم بێت. (الیعقوبي،١٩٩٣، ٢/ ٢٩٣).

سەفاح، کەوتە قەڵاچۆکردنی خانەو شانەی ئەمەوییەکان و پاش ئەوەی هێزەکانی بەسەرکردایەتی عەبدوڵای مامی توانی مەڕوانی دوەم لە جەنگی زاب تێکبشکێنێت و بەرەو میسر راوەدوی نا و دواتر لەوێ کوشتی، لەهەندێك شوێنی ناوخۆی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی فیتنەو ئاژاوە سەریهەڵداو کەوتنە دژایەتی سەفاح لەوانە: فەلەستین، شام، و جەزیرە کە سێنتەری جێگە نفوزی ئەمەوییەکان بو، هەروەها لایەنگرە ئەمەوییەکان لە تەماع و هەوڵی ئەوەدا بون جارێکی تر

خەلافەتی ئەمەوی زیندو بکەنەوە، سەرەڕای یاخیبونی بزوتنەوەی یەزیدی کوڕی هوبەیرە لەشاری واست، کە دواتر سەفاح خەلیفە مەنسوری برای نارد تا گەمارۆیداو ئەویش دوای بیستنی کوژرانی مەروانی دوەم داوای سوڵحی لە خەلیفە مەنسور کرد، بەڵام سەفاح فەرمانی بە براکەیدا یەزیدی کوڕی هوبەیرە بکوژێت و بە کوژرانی ناوبراو سەرجەم شانەکانی بەنی ئومەییە پاکتاو کران. (ابن أعثم الكوفي، ١٩٦٩، ٤/ ٣٣٨).

## لقی یەکەم: هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە ئەمەوییەکان

پاش کەوتنی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان کە حوکمڕانییەکەیان ٩١ ساڵی خایاند، و لەسەر دەستی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بونیادنرابوو، ئەو ٩١ ساڵەی حوکمڕانی ئەمەوییەکان لێوانلێوبوو لە کوشتن و بڕین و ناکۆکی، ئەوەبو ژمارەیەك لە خەلیفەو فەرمانڕەواکانی ئالی بەیتی پێغەمبەر (د.خ) کوژران لەوانە: ئیمامی عەلی (ر.خ) و هەردو کوڕەکەی حەسەن و حسێن، دواتریش لە کۆتا ساڵەکانی حوکمڕانیاندا ئیبراهیمی ئیمام کە برای سەفاح بو کوشتیان، هەمو ئەمانە بونە هۆی ئەوەی سەفاح رق و کینەیەکی زۆر بەرانبەر ئەمەوییەکان پەیدا بکات و بەهەمو جۆرێك کەوتە دژایەتییان و هەمویانی قەڵاچۆکرد (الطبري، ١٩٦٧، ٣٦٩/٦)، دواترینیشیان یەزیدی کوڕی هوبەیرە بو کە لەلایەن خەلیفە مەنسوری برای لە واست کوژرا. (الزهراني، 2016، ل٢٤٢).

## لقی دوەم: هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ)

سەفاح، لە وەچەی عەبدوڵای کوڕی عەبباسە، کە ئەویش دوەمین کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبی مامی پێغەمبەرە (د.خ). پەیوەندی خزمایەتی و خوێنینی نێوان بنەماڵەکەی و پێغەمبەری ئیسلام هەمیشە لای ئەبولعەبباسی سەفاح جێگەی رێزو پێزانین بوەو لە یەکەمین گوتاری گرتنە دەستی خەلافەتەکەشی بە شانازییەوە باسی لەوە کردوە کە بە هۆی خزمایەتی بنەماڵەکەی لەگەڵ پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)، بنەماڵەی بەنی عەبباس بە شایانی گرتنە دەستی حوکمڕانی ئیسلام دەزانن، هەربۆیە زۆرجار لەلایەن عەلەوییە شیعەکانەوە دەسەڵاتی سەفاح بە مایەی مەترسی دەزانرا لەسەریان بەتایبەتی کە بەنی عەبباس پەیوەندی خزمایەتی پتەویان هەبوە لەگەڵ ئالی بەیتی موحەمەد (د.خ)، کە ئەمەش تا ساڵانێکی زۆر پێگەو پایەی وەچەکانی بەنی عەبباسی پتەوکرد. (المسعودي، ٢٠١٢، ١/ ١١٨).

## لقی سێهەم: هەڵوێستی خەلیفە بەرانبەر بە بانگخوازانی دەوڵەتی عەبباسی

سەفاح، پاش دامەزراندنی کەسە نزیکەکانی خۆی لەنێو سوپاو کاروباری خەلافەت و دەوڵەتەکەی، لێرەو لەوێ دەنگی ناڕەزایەتی لەنێو بانگخوازانی دەوڵەتی عەبباسیدا بەرزبۆوە کە زۆربەیان سەر بە شیعە عەلەویەکان بون و هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ دانانی ئەبولعەبباسی سەفاح-دا نەبون بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، بەڵام هەوڵەکانی ئەبو موسلیمی خۆراسانی و ئەبو سەلمەی خەلال تا رادەیەك ئەو ناڕەزایەتییەی بانگخوازە شیعە عەلەوییەکانی کپ کردەوەو فەرمانڕەوایی سەفاح لەقازانجی ئەو یەکلابۆوە. هەمو ئەمانە جۆرێك لە دوو دڵی و دڵەڕاوکێی لای سەفاح سەبارەت بە

بانگخوازەکان دروستکردو بڕیاریدا بە دامەزراندنی کەسە نزیکەکانی، وەك یەکەمین هەنگاو بانخوازە عەلەوییەکان پشتگوێ بخات، ئەوەبو هەر زوو حەسەنی کوڕی قەحتەبە درکی بەو مەترسییانە کردو گومانی لە هەنگاوەکانی سەفاح پەیدا کرد، بەڵام ئەبولعەبباسی سەفاح لەپێناو تەشەنە نەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بەنامەیەك بۆ قەحتەبە ئاوی کرد بە ئاگرداو هێوری کردەوە بەوەی پێیوت سوپاو لەشکر هەر سوپاو لەشکری خۆتانە. (اليعقوبي،١٩٩٣، ٢/ ٢٩٤).

## باسی دوەم: بارودۆخی دەرەکی دەوڵەتی عەبباسی لە سەردەمی خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح

لەساتەوەختی بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایی لەناوخۆی دەوڵەتی عەبباسی بەتایبەتی لە شام و عێراق و جەزیرە، ئەبو موسلیمی خۆراسانی کە سەرکردەی یەکەمی شۆڕشی عەبباسییەکان بو، لە خۆراسان و شاخ و کێوەکانی ئەو ناوچەیە وەك پاڵپشتییەك بۆ ئەبولعەبباسی سەفاح، حوکمڕانی گرتبوەدەست و پێگەی عەبباسییەکانی لەوناوچانەدا بەهێزو پتەوکردو راپەڕینەکانی دژ بە خەلافەتی عەبباسی سەرکوت کرد. (ابن الأثير، ٢٠٠٩، ٤/ ٣٣٩).

کاتێك وڵاتی ئەو دیوی روبار (بلاد ماوراء النهر) کە مەبەست لێی (بەشێکە لە ئاسیای ناوەڕاست و هەریەك لە ئۆزبەکستان و باشوری رۆژئاوای کازاخستان)، کەوتە بەر مەترسی چینییەکان، جوداخوازەکان ئەو قەیران و گرفتەیان قۆستەوە، سەرەڕائەوەی لەبەشی رۆژئاواش دەوڵەتی تورك کە پابەندبونی هەبو بۆ ئیمپراتۆریەتی چینی دەسەڵاتەکەیان روخا و بەمەش چینییەکان دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی و بەمەبەستی راپەڕین دەستی یارمەتییان بۆ دەنگە ناڕازییەکانی ژێر فەرمانڕەوایی ئەبولعەبباسی سەفاح درێژکرد. (طقوش، ٢٠٠٩، ل٤١).

لە راستیدا ململانێی نێوان هەردو دەوڵەتی ئیسلامی و چینی مەبەستێکی بازرگانی لەپشت بوو، لەبەرئەوە دەوڵەتی ئیسلامی دەیویست کۆنترۆڵی رێگەی بازرگانی جیهانی لەگەڵ رۆژهەڵات و هیندستان و چیندا بکات و رۆڵی چین لەو رێگە بازرگانییەدا کەم بکاتەوە، بەڵام ئەوە بو چین لەناوخۆی ئیمپراتۆریەتەکەیدا روبەڕوی دەنگی ناڕەزای و راپەڕینی جەماوەری بۆوەو جەنگی ناوخۆیی لەنێو ئیمپراتۆریەتەکەیدا رویدا، بەمەش لەبەر بارودۆخی ناسەقامگیری خۆیان وازیان داگیرکردن و پلانگێڕی لە دژی وڵاتی ئەو دیو روبار هێنا، کە ئەمەش بوە نیعمەتێك بۆ دەوڵەتی عەبباسی و تا ماوەیەکی زۆر توانیان ئەو رێگە بازرگانییە لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیان بهێڵنەوە. (البلاذري، ١٩٨٢، ل٢٦٢).

لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی بیزەنتی بەسود وەرگرتن لە هەندێك بارودۆخی ناسەقامگیری دەوڵەتی عەبباسی بە هۆی گواستنەوەی دەسەڵات لە ئەمەوییەکانەوە بۆ عەباسییەکان، پایتەخت بگوێزنەوە بۆ دیمەشق و هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی باکوری دەوڵەتی ئیسلامی و بەمەش ئیمپراتۆر قەستەنتینی پێنجەم توانی سنوری قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییەکەی فراوان بکات و دور لە رۆژهەڵات توانی دەست بەسەر شام و هەندێك لە شارەکانیدا بگرێت، سەرەڕای ئەوەی سوپاکەی توانی کۆنترۆڵی ئەرمینیاش بکات کە لەو شەڕەدا سەرکردەی عەبباسی (مەخلدی کوڕی موقاتیلی کوڕی حەکیم) تێکشکاو نەیتوای خۆی لەبەرانبەر سوپای قەستەنتین رابگرێت. (خليفة بن خياط،١٩٨٩،٢/٤٣٥).

ئامانجی ئیمراتۆر قەستەنتینی پێنجەم لەو هێرش لەشکرکێشی و داگیرکارییە بریتیبو لەوەی ناوچەی چەقی یارمەتی بۆ دەوڵەتی عەبباسی خاپور بکات، بۆئەوەی جەنگاوەرەکانی دەوڵەتی عەبباسی نەتوانن لە سنوری دەوڵەتەکەیان نزیکببنەوەو بەهۆی ئەوەی ناوچەکەش دورە لە پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتییەکان ئەگەر تێیدا جێگیر بن ئەوا مەحاڵە دەوڵەتی ئیسلامی جارێکی تر بتوانێت ئەو ناوچانە بخاتەوە ژێر رکێفی خۆی. (خليفة بن خياط،٢،١٩٨٩/ ٤٣٦).

## لقی یەکەم: گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ هاشمییەتی کوفە

دوای تێکشکانی ئەمەوییەکان لە جەنگی زاب و کەوتنی خەلافەتی ئەمەوی و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی خەلافەتی ئیسلام بە سەرۆکایەتی عەبباسییەکان و بەیعەتدان بە ئەبولعەبباسی سەفاح وەك یەکەمین خەلیفەی دەوڵەتی عەباسییەکان، ناوبراو بڕیاریدا پایتەختی خەلافەتەکەی بگوێزێتەوە بۆ شاری کوفە، کە شارێکی پێشکەوتو بوە لەسەردەمی خۆیداو خاوەنی چەندین کتێبخانەی بەناوبانگبوەو دەیان رۆشنبیری گەورەی تێدا هەڵکەوتوەو دەکەوێتە نزیکی شاری نەجەفەوە، ئەگەرچی لە قۆناغی دواتردا پایتەختەکە گواسترایەوە بۆ ئەنبارو دواتریش لە سەردەمی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسوردا پایتەختەکە گواسترایەوە بۆ بەغدا. (ياقوت الحموي، ١٩٩٨، ٤/ ٤٩٠).

گرنگی شاری کوفە بۆ ئەبولعەبباسی سەفاح لەوەدابو کە پێشترو لەکاتی دامەزراندنیدا لەسەردەمی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس وەك سەربازگەیەکی گەورەو پۆلایین لە شەڕی قادسیەدا بەکارهاتوە، ئەو شەڕەی لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابدا رویدا، پاشان شاری کوفە هەر لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا کە ئەو کاتە بە (کوفان) دەناسرا زیاتر گەشەیسەندو پێشکەوتنێکی زیاتری بەخۆوە بینی و موسوڵمانەکانیش وەك بنکەیەکی سەربازی بۆ هێرشکردنە سەر مەدائینەکان بەکاریانهێناوەو کە لە چەندین شەڕدا بەهۆی ستراتیژی بون و تۆپۆگرافیای تەختی شارەکەوە سەرکەوتنیان بەسەر فارسە ساسانییەکاندا بەدەستهێناوەو بەهەمان شێوە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبو تاڵب وەك پایتەختی خەلافەتی ئیسلام ناساندی، کە ئەمەش یەکێکی تر بو لەو هۆکارانەی پاڵی بە ئەبولعەبباسی سەفاحەوە نا بۆ رازیکردنی دڵی شیعە عەلەوییەکان لە خۆی ئەو شارە بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکەی. (البلاذري، ١٩٨٢، ل٢٧٥).

هۆکارێکی تری گرنگی گواستنەوەی پایتەختی عەباسییەکان بۆ شاری کوفە لەلایەن ئەبولعەبباسی سەفاحەوە لەوەدابو کە ئەو شارە پێشتر (روداوی کەربەلا)ی تێدا رویدابو، ئەو روداوەی کە خەڵکی شارەکە بۆ دژایەتیکردنی حسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵب هێزو لەشکریان کۆکردەوەو کەوتنە دژایەتی خۆی و بنەماڵەکەی، پاشان زۆربەی شۆڕشی عەلەوییەکان هەر لەو شارەدابوە، کە ئەمەش وای لە ئەبولعەبباسی سەفاح کرد هەر زوو درك بە گرنگی شارەکە بکات و هەستی کرد کوفە شارێکی خۆپارێزەو هەمو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت و دەتوانێت رای زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە بەلای خۆیدا کەمەرکێش بکات. (النجفي، ٢٠١٢، ل١٩٣).

مێژوی راستەقینەی کوفە لەساتەوەختی شکستی ساسانییەکان لە عێراق لە ساڵی ٦٣٦ز دەستپێدەکات و هەر لەسەرەتاشدا ماڵ و پێگەی عەرەب بوە (د.صالح العلي، ٢٠٠٣، ل١٨١) و کەسانێکی شارستانی و روناکبیر لە (یەمەن و حەزەرمەوت)ەوە کۆچیان بۆکردوەو شارەکەش بە خەتی نوسینی کوفی ناسراوەو دواتریش هەندێك لە فارسەکان و سریانی و نەبەتی (النبطيين) و خاچپەرست و جولەکە لە ساڵی ٢٠ك لە یەمەنەوە رویان تێکردو چەندین روداوی سیاسی و مێژویی گرنگی لەخۆگرتوە، بەڵام دوای دامەزراندنی بەغدا، ئیدی کوفە هەندێك لە گرنگی خۆی لەدەستدا، بەڵام هەروەك سەنتەرێکی رۆشنبیری و سەربازی مایەوەو لەسەردەمی بوەیهییەکانیشدا برێك لە قورسایی لەدەستچوی خۆی بۆ گەڕایەوەو دواتریش لەساڵی ٣٧٥ ك دا قەرامیتەکان دەستیان بەسەر کوفەدا گرت، کە هەمو ئەم هۆکارو روداوە سیاسییە گرنگانە هانی ئەبولعەبباسی سەفاحی دا کوفە وەك پایتەختی خەلافەتەکەی بناسێنێت. (ابن الأثير، ٢٠٠٩، ٤/ ٣٣٩).

## لقی دوەم: گواستنەوەی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بۆ ئەنبار

ئەنبار، لەدوای دیمەشق و کوفە، بەیەکێکی تر لە پایتەختە گرنگەکانی دەوڵەتی عەبباسی هەژمار دەکرێت، کە لەساڵی ١٣٤ك لەلایەن ئەبولعەبباسی سەفاحەوە وەك پایتەخت ناسێنراو لەبەشێکی سەردەمی حوکمڕانی ئەبو جەعفەری مەنسوریشدا ئەو شارە هەر پایتەخت بوو تا ئەوکاتەی لە ماوەی ساڵانی (١٤٥ك –١٤٩ك) شاری بەغدای دروستکردو ناوینا (دارالسلام). (الخطيب البغدادي، ٢٠٠٢، ٤/ ١٢٨).

ئەنبار، سەرەڕای تەمەنە کورتەکەی وەك پایتەخت، بەڵام توانی لە ماوەی یەکەمی حوکمڕانی عەباسییەکاندا پارێزگاری لە رۆڵ و هەژمونی سیاسی خۆی بکات، بەڵام دوای ئەو ماوەیە ئیدی ناوی ئەو شارە لە روی مێژوییەوە بەیەکجاری فەرامۆشکرا، بەڵام لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی ئەو شارە لەلایەن ئەبولعەبباسی سەفاحەوە دەتوانین ئاماژە بدەین بە گرنگی شوێنی جوگرافی شارەکە کە دەکەوێتە کەناری رۆژهەڵاتی روباری فوراتەوەو روبەرێکی بەرفراوانی هەبوە کە داگیرکردنی قورس بوە لەلایەن نەیارەکانی سەفاحەوە، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام شوێنێك بوە بۆ کۆچکردن لە دورگەی عەرەبییەوەو دەوڵەمەندو ساماندارەکانی ئەوکاتە چەندین کۆشك و تەلارو پەرستگایان تێدا بونیادنابو، کە لە روی بیناسازی و پێشکەوتنەوە جێگە سەرنجی هەموان بوە. (عبدالحي شعبان، ١٩٨١، ل٧٦).

یەکێکی تر لەو هۆکارە گرنگانەی وای لە ئەبولعەبباسی سەفاح کرد ئەو شارە بناسێنێت وەك پایتەخت بۆ دور کەوتنەوە بوە لە لایەنگرانی ئەمەوییەکان لە دیمەشق، چونکە لە دوای روخانی ئەمەوییەکان بەردەوام لەنێو خەلافەتی عەبباسییەکاندا لایەنگرانی بەنی ئومەیە بە رێژەیەکی تا رادەیەك زۆر بونیان هەبوەو هەمو کاتێك ئامادە بون ببنە مایەی سەرئێشەو ناکۆکی و دوبەرەکی لەنێو دەوڵەتەکەی سەفاح–دا و بەردەوام ئەگەری پێکدادان هەبوە، لەبەرئەوە بۆ دورکەوتنەوەی بەنی عەبباس لە پاشماوەکانی بەنی ئومەیە سەفاح وای بەباش زانیوە کە دوربکەوێتەوەو ئەنبار بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکەی و ناوینا هاشمییەی ئەنبار. (عبدالعزيز الجاسم، ٢٠٠٧، ل١٥٩).

ئەنبار، لە رۆژانی سەرەتای حوكمی فارسە ساسانییەكانەوە بە شوێنێكی گرنگی سەربازی و ئابوری هەژمار كراوەو كۆگاو جبەخانەی سەربازی گەورەی تێدابوەو روبەرێكی بەرفراوانیشی بۆ گەنم و جۆ تەرخانكرابو، بەهۆی ئەم خاسیەتانەشەوە بەردەوام قەڵغانێكی گەورە بوە بە روی داگیركاری رۆمەكانەوە، هەربۆیە ئەبولعەبباسی سەفاح كاتێك چوە ناو شارەكەوە چەند كۆشك و تەلارێكی گەورەی دروستكردو دواتر (دارالخلافة)ی بەناوی هاشمییە دامەزراند كە ناوەكەش وەك ئاماژەیەك بوو بۆ هاشمی باپیری عەبباسییەكان. (اليعقوبي،١٩٩٣، ٢/ ٣٦٤).

سەفاح، بەحوكمی تەمەنە كورتەكەی تەنها بۆ ماوەیەكی كەم لە ئەنباردا بوەو دوای مردنیشی هەر لەو شارەدا نێژراوەو ئەبوجەعفەری مەنسوری براشی هەرلەوێدا بۆ ماوەیەك حوكمڕانی كردوە، بەڵام لەماوەی نێوان دەسەڵاتی ساسانییەكان تاوەكو دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلام، شارەكە ناوێكی ئەوتۆی نەبوەو لە دوای عەبباسییەكانیش بەیەكجاری فەرامۆشكراوە، ئەگەرچی لەسەردەمی هارونە رەشید–دا كاتێك لەساڵی ١٨٠ك لە حەج هاتۆتەوە، بۆ ماوەی مانگێك لە كۆشك و تەلارەكەی ئەبولعەبباسی سەفاحدا بۆ پشودان ماوەتەوە،(المسعودي، ٢٠١٢، ٢/٧٩). لەسەردەمی حوكمڕانی عەبباسییەكاندا، ئەنبار، شارێكی دروەشاوەو گەشەسەندو بوە لە روی زانست و رۆشنبیری و فەرهەنگەوە، بەڵام لە دوای عەبباسییەكانەوە شارەكە گرنگی خۆی لەدەستدا. (الخطيب النجيفي، ٢٠٠٢، ل٢١٨).

## دەرئەنجام

**لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا، توێژەران گەیشتنە ئەم چەند دەرئەنجامەی خوارەوە:**

١. دەوڵەتی عەبباسی لەسەر دەستی ئەوانەی کە نەوەی بچوکترین مامی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) بوون کە ئەویش عەبباسی کوڕی عەبدول موتەلیب بوو دامەزرا.
٢. عەباسییەکان دوای چارەکە سەدەیەك خەباتی نهێنی و ڕێکخراوەیی لە ساڵی ١٣٢ کۆچی / ٧٥٠ زاینی و بە پشتیوانی مەوالییەکان توانیان دەوڵەتی ئومەوی لەناو ببەن و بۆ ماوەی پتر لە پێنج سەدە خەلافەیان بە دەستەوەبوو.
٣. سەفاح کەسێکی وردو زیرەك و خاوەن دەموچاوێکی جوان و بەخشندەو دڵفراوان و توندوتیژ بوەو نازناوی (سەفاح)یش کە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای خوێنڕێژ دێت، لەهەندێك سەرچاوەی مێژوییدا هەرلەبەرئەوە بوە کە توندوتیژبوە لە بەرانبەر دوژمنەکانی بەتایبەتی کاتێك قەتڵوعامی ئەمەوییەکانی کردوە.
٤. لەسەرەتای سەردەمی عەباسییەکاندا، گوتاریی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە چەسپاندنی حوکمی عەباسییەکاندا و بۆ سەلماندنی مافی خەلافەتی خۆیان ئامرازێك بوە بەدەستیانەوەو لەم بوارەشدا خەلیفە ئەبولعەبباسی سەفاح ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە کاتێك خوتبەی بۆ خەڵك داوە لە کوفەو هەمیشە لەگوتارەکانیدا پێداگری کردوە لە خزمایەتی و پەیوەندی نزیکی بنەماڵەکەی لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (د.خ).
٥. جەنگی زاب بە شەڕێکی یەکلاکەرەوەی گرنگ لە مێژوی ئیسلامدا دادەنرێت، کە لەنێوان دواهەمین خەلیفەی ئەمەوی لە شام و مامی هەردو خەلیفە سەفاح و مەنسور بوو، رویدا و دواجار سوپاکەی خەلیفە مەڕوان تێکشکاو بەرەو میسر رایکردو عەبباسییەکان تا شارۆچکەی (أبی صیر) دوای کەوتن و لەوێ کوشتیان.
٦. ئەوەی ئەبولعەبباسی سەفاحی وەك خەلیفە ناساندو کاری گرتنە دەستی خەلافەتەکەی بۆ کرد هەریەك لە ئەبو موسلیمی خۆراسانی (١٠٠ك –١٣٧ك) و ئەبو سەلمەی خەلال بون کە ئەمەی دوایین ساڵی (١٣٢ ك) کۆچی دوایی کردوەو یەکێك بوە لە بانگخوازەکانی بەنی عەباس.
٧. پاش دامەزراندنی کەسە نزیکەکانی سەفاح لە شوێنە هەستیارەکاندا، سەرکردەو بانگخوازە عەبباسییەکان ترسی ئەوەیان هەبو بەرهەمی ئەو شۆڕشەی کە لەدژی ئەمەوییەکان بەرپایان کرد کەسانی تر بیخۆن.

## سەرچاوەكان

### أ/ سەرچاوە كۆنەكان


١.ابن الآبار (١٩٦١)، اعتاب الكتاب، مكتبة لسان العرب، الطبعة السادسة، سوريا، دمشق.

٢.ابن الأثير (٢٠٠٩)، الكامل في التأريخ، مطبعة الاهرام، الطبعة الرابعة، مصر.

٣. ابن أعثم الكوفي (١٩٦٩)، الفتوح، دارالفكر العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة.

٤. البلاذري (١٩٨٢)، فتوح البلدان، دارالنشر للجامعيين، الطبعة الاولى، الاسكندرية.

٥.ابن الجوزي (١٩٩٢)، المنتظم في تأريخ الملوك والامم، دار الكتب العلمية، الطبعة الثالثة، لبنان، بيروت.

٦. الثعالبي، عبدالعزيز (١٩٩٥)، سقوط الدولة الاموية وقيام الدولة العباسية، دار الغرب الاسلامي، الطبعة الاولى، القاهرة.

٧. الخطيب البغدادي (٢٠٠٢)، تأريخ بغداد، دار مجدلاوي، الطبعة الثانية، سوريا، دمشق.

٨. خليفة بن خياط (١٩٨٩)، تأريخ خليفة بن خياط، دار الطيبة للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، السعودية، الرياض.

٩.الطبري (١٩٦٧)، تأريخ الطبري، تأريخ الرسل والملوك، دارالمعارف، الطبعة الثانية، مصر، القاهرة.

١٠.ابن الطقطقي (٢٠١٢)،الفخري: في الاداب السلطانية والدول الاسلامية، دار القلم العربي، الطبعة الثالثة، عمان.

١١.ابن كثير (٢٠١٧)، البداية والنهاية، مبدأ الخليقة وقصص الانبياء، دار ابن كثير، الطبعة الثانية، بيروت.

١٢.المسعودي (٢٠١٢)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار صادر، الطبعة الاولى، بيروت.

١٣. ياقوت الحموي، الرومي (١٩٩٨)، معجم البلدان، المكتبة العصرية، الطبعة الثالثة، لبنان.

١٤.اليعقوبي (١٩٩٣)، تأريخ اليعقوبي، الجمعية السعودية للعلوم السياسية، الطبعة الثانية، الرياض.

## ب/ سەرچاوە نوێیەکان


١. أيوب، محمد شعبان (٢٠١٣)، آخر أيام العباسيين، مؤسسة اقرأ للنشر والتوزيع والترجمة، الطبعة الخامسة، مصر.

٢. حسن خليفة (١٩٨٧)، الدولة العباسية: قيامها وسقوطها، مطبعة الحديثة، الطبعة الاولى، القاهرة.

٣. الخضري بك، الشيخ محمد (٢٠٠٣)، الدولة العباسية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، مصر.

٤. الخطيب النجفي (٢٠٠٢)، تأريخ الانبار، المكتبة الاكاديمية، الطبعة الثالثة، مصر، القاهرة.

٥. السيد حسين، النجفي (٢٠١٢)، تأريخ الكوفة، دارالعودة، الطبعة الثانية، بيروت.

٦. الزهراني (٢٠١٦)، عش مع الخلفاء والملوك، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت.

٧. الزهراني، محمد مسفر ( ٢٠١٦)، نظام الوزارة في الدولة العباسية، الطبعة الاولى، السعودية، الرياض.

٨. د.سوزي حمود، (٢٠١٥)، الدولة العباسية: مرحل تأريخها و حضارتها، مطبعة الاهرام، الطبعة الثانية، القاهرة.

٩. أبوطالب، أسامة (٢٠١٤)، الدولة العباسية، مكتبة طريق العلم، الطبعة الاولى، القطر، دوحة.

١٠. شاكر، محمود (٢٠٠٩)، عبدالله بن محمد: أبوالعباس السفاح، المكتب الاسلامي، الطبعة الاولى، الامارات.

١١. د.صالح، العلي (٢٠٠٣)، الكوفة واهلها في صدرالاسلام، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، الطبعة الثانية، القاهرة.

١٢. عبدالحي شعبان (١٩٨١)، الدولة العباسية: الفاطميون، الأهلية للنشروالتوزيع، الطبعة الاولى، مصر، الاسكندرية.

١٣. عبدالعزيز، الجاسم (٢٠٠٧)، الانبار: حاضرة بني العباس، دار العلوم العربية، الطبعة الاولى، بيروت.

١٤. عزام، خالد (٢٠٠٩)، العصر العباسي، مطبعة الحمداني، الطبعة الاولى، سوريا، دمشق.

١٥. الغامدي، سعد بن حذيفة (١٩٨٣)، سقوط الدولة العباسية، دار ابن حذيفة، الطبعة الرابعة، السعودية، الرياض.

١٦. محمد الهامي (٢٠١٣)، العباسيون الاقوياء، مؤسسة اقرأ للنشر والتوزيع والترجمة، الطبعة الثانية، مصر، القاهرة.

١٧. المغلوث، سامي بن عبدالله (٢٠١٢)، أطلس تأريخ الدولة العباسية، مكتبة العبيكان، السعودية، الرياض.

١٨. طقوش، محمد سهيل، (٢٠٠٩)، تأريخ الدولة العباسية، دار النفائس، الطبعة السابعة، لبنان، بيروت.

١٩. نبيلة حسن (١٩٩٣)، تأريخ الدولة العباسية، دار الامين للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القطر، دوحة.

٢٠. د. وفاء محمد علي (١٩٩١)، الدولة العباسية في عهد تسلط البويهيين، المكتب الجامعي الحديث، ألاسكندرية.